کاربەدەستانی سنووری تورکیا تەمەتبارکراون بە پشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ دژ بە سوریەکان

کاربەدەستانی سنووری تورکیا تەمەتبارکراون بە پشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، لەوانە بەکارهێنانی هێزی زیاد لە پێویست و ئەشکەنجەدان و کوشتنی نایاسایی دژی ئەو پەنابەران و کۆچبەرانەی کە هەوڵدەدەن بچنە ناو تورکیاوە، ڕێکخراوەکە داوای لە حکومەتی تورکیا کردووە لێکۆڵینەوە لە ووداوەکان بکات و بەرپرسان بەرپرسیار بکات.

ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤی سوریا (SOHR) زانیاری بەدەست هێناوە، کە ڕێکخراوەکە بە چاودێریکردنی ناکۆکییەکانی سوریا، کە 277 ووداوی جیاوازی پێشێلکارییەکانی بەرپرسانی سنووری تورکیا بە درێژایی سنووری سوریا لە نێوان ئۆکتۆبەری 2015 و مانگی چواری 2023 تەمارکردووە. بەگوێرەی زانیارییەکان بەڵایێنی کەمەوە 234 کەس گیانیان لەدەستداوە و 231 کەسیش بریندار بوون، کە زۆربەیان لە کاتکدا بوون کە قوربانییەکان هەوڵیانداوە سنوورەکە بپەڕێنەوە، هەروەها منداڵان لە 26 ووداودا بەشداربوون، کە بەڵایێنی کەمەوە 20 کوژراو و 15 بریندار بوون.

ڕێکخراوی مافەکانی مرۆڤی جیهانی ڕایگەیاند ئەو ڕاستییەی کە تورکیا زیاتر لە 3.5 ملیۆن پەنابەری

سوریای وەرگرتووە، ئەوە لە بەرپرسیارێتی خۆی بە ڕەزگرتن لە مافەکانی ئەو پەنابەرانە ئازاد ناکات کە داوای پاراستن لە سنوورەکانی دەکەن.

ڕەکخراوەکە پێشتر بەڵگەنامەی ئەو حاڵەتانەی بڵاوکردەوە کە دەسەڵاتدارانی تورکیا ناچاری پەنابەرانی سوریا دەکەن فۆرمی گەڕانەوەی خۆبەخشانە واژە بکەن و بیانناسنەوە.

لە مانگی سێی ئەم ساڵ، بەرپرسانی سنووری تورکیا ڕەگریان لە گروپێکی هەشت سوری کرد کە هەوڵیان دەدا بچنە ناو تورکیاوە و ئەشکەنجەیان دا و کوتەک و پیاوێکی گەنجیان کوشت.
کاربەدەستان گروپەکەیان ناردەوە بە سوریا لە ماوەی پێنج کاتژمێر دوای ڕووداوەکە لەگەڵ یەکێک لە لاشەکان، و ڕزگاربووەکان ڕایانگەیاند کە لەدراون و ئەشکەنجە دراون بە چەک و چەقۆ.

ئەم ڕووداوانە بەشێکن لە زنجیرەیەک ڕووداوی هاوشێوە لە مانگی پێنجی 2016 ەوە، کە بوونەتە هۆی کوژرانی شەش هاوڵاتی مەدەنی و بریندارببوونی شەش کەسی دیکە.
لانیکەم چوار ڕووداو لە نیسانی 2021 ەوە ڕوویانداوە کە تیایدا مندالانی سوری کوژراون کە هەوڵیان داوە سنوورەکە بپەڕنەوە.

ڕەکخراوی مافەکانی مرۆڤ داوای لە تورکیا کرد لەکەینەوەیەکی سەربەخۆ و بڵایەنانە دەستپێبکات سەبارەت بەو پێشێلکارییانەی گوایە ئەنجامیان داوە و پابەند بێت بە یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە، لەوانە قەدەغەکردنی تەواوی ئەشکەنجە و ڕەزگرتن لە مافی ژیان و یەکسانی جەستەیی.